**بەشی نۆیەم:**

## جیهانگیری‌و دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی

## Globalization and Internation Emplayment distribution

حەقیقەتی ئەمڕۆی جیهان وایە کە لەڕێگەی ئەو ڕووداوانەی بەژنانـەوە پەیوەستن دەتوانرێت دوو ڕەوت دیاری بکرێت:

یەکـــەم: ڕەوتـــی جیهـــانگیری دوای ڕووخـــانی ســـۆڤیەت یەکێکـــە لەسـەرەکیترین هۆکارەکـانی زیـادبوونی بێکـاری لای ژنـان، نـەداری‌و نـاکۆکی بـارودۆخی ئـابووری‌و تێکـچوونی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی لەئەنجامـەکانی بەجیهانیکردنـە کەیەخـەی خـەڵکی جیهـانی سـێیەمی گرتووەتـەوە. هـەژاری‌و نـەداری زۆری خـەڵك لەبەرامبـەر پاشـەکەوتی سەرمایەو ساماندا لەپێکهاتەیەکی نایەکساندا دەردەکـەوێت‌و ئەوانـەی دەبنە قوربانی جیهانی سەرمایەداری ملیۆنـەها کـچی گـەنج‌و منـداڵ‌و کراونەتـە کۆیلـەو ژیانیـان بـەفیڕۆ دەڕوات تـا سـەرمایەگوزارەکانی "پیـشەی سـێکس" لەئـەمریکا، بـەریتانیا، ئـەڵمانیا، فەرەنـسا، ژاپۆن‌و......تد، بتوانن سەرمایەیەکی زیاترو زۆرتر کۆبکەنەوە.

تایبەتمەندییـەکی تـری جیهـانی سـەرمایەداری کـە بـەهۆی پیـشەی سێکسییەوە دەردەکەوێت بریتییە لەدابەشبوونی کاری نێونەتـەوەیی. هەندێك وڵات بـۆ دابینکردنـی کـاڵای دیـاریکراو لەخزمـەتی سـەرمایەی مـاددی جیهانیـدا کاریـان پێـدەکرێت، ئـەو وڵاتانـە هەوڵـدەدەن بـۆ





دابینکردنی پیشەی سێکس بۆ ژنان‌و منداڵان لەبازاڕی جیهانیـدا، ئـەو وڵاتە هەژارانەی کە لـە"سەرچاوە سروشـتییەکانی" تـر بێبـەرین یـان وەبەرهێنانەکانیان لەجیهاندا بەڕادەی پێویست نیـە یـان ئـەو وڵاتانـە لەلایەن ئیمپریالیستەکان‌و داگیرکەرانەوە تالان دەکرێن‌و وێران دەبـن یـان بـەهۆی شـەڕەوە لەناودەچـن، ئەوانـە هەنـدێ وڵاتـن‌و لـەبازاڕی جیهانیدا لەپێشبڕکێدان‌و لەدۆخێکی وادا خـەڵك لـەپێناوی مانەوەیانـدا هەوڵدەدەن هەموو کارێك بکـەن. ئـەوە ڕاسـتییەکی حاشـا هەڵنـەگرە کەئیمپریالیزم پەرەی بەلەشفرۆشیداوە کە تائێـستا ئـەو بەربڵاوییـەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

تەنانەت وایلێهاتووە ئەگەر خودی ئیمپریالیزمـەکان‌و قاچاخـچییەکانی ژنان بیانـەوێت دەسـت لـەو کـارە هـەڵبگرن نـاتوانن کۆتـایی پێبێـنن، چونکە سیستمەکەیان لەسەر بنـەمای سـتەم‌و سـود وەرگـرتن لـەژنان بنیـاتنراوەو هەرچـەند بیانـەوێت ئـەو مەسـەلەیە بـەنهێنی بهێڵنـەوە، بەڵام ناتوانن. تا ئەو کاتەی کەئەو سیـستمە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، لەشفرۆشی لەناو ناچێت.

**بەشی دەیەم:**

## شەڕی سەلبیی دژی ژنان

ئەمریکا، دوایین کۆنفرانسی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەبارەت بەژنان گرتە ئەستۆو هەروەها بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنفرانسیشی لەئەستۆ گرتو بەرەسمی ڕایگەیاند کە لەباربردنی منداڵ شتێکی باش نییە. نوێنەری ئەمریکا ئەو مەبەستەی بەنایاسایی دانا لەگەڵ لەشفرۆشیدا. ئایا ژنان ئەو مافەیان هەیە خۆیان سەبارەت بەسێکسو زاوزێ بڕیار بدەن، یا لەراستیدا لەشیان هی خۆیان بێت؟

گاورە فاشیزمەکانو ئیسلامییە چەقبەستووەکان (Fanatic) کەپێکەوە پروپاگەندەی پشتگیریکردن لەژنان دەکەنو ڕێزیان لێدەنێن، لەهەمان کاتیشدا دژی ڕزگاری ژنانن لەسیستمی باوکسالاریو هەوڵدەدەن بۆ گۆڕینی بۆ ئەو هەلو مەرجە.

هەوڵدانو وتووێژ لەناو ڕێکخراوی نادەوڵەتیداو لەڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا لەبارەی چۆنیەتی کۆتایهێنان بەلەشفرۆشی بێ سوود بووە. هەندێ وڵاتی وەکو ئەمریکا (لەزۆربەی ویلایەتەکاندا) لەشفرۆشیان بەنایاسایی ڕاگەیاندووە، هەندێکی تریشیان وەك سوێدو ئەڵمانیاو هۆڵەندا ئەوەیان بەیاسایی داناوە.

بەڵام لەشفرۆشی لەهەموو ئەو وڵاتانەدا درێژە بەباری خۆی دەدات. هەر کات ئەو وڵاتانە بڕیار بدەن کەکۆتایی بەقاچاغی ژنان بهێنن،





یاسای دژی پەناگیری دژوارتر دەکەنو دژی لەشفرۆشان رادەوەستنو سەرکوتیان دەکەنو چەند کەسێك هەڵدەبژێرنو دەریان دەکەن.

دروشمی "بایەخە کۆمەڵایەتییەکان" لەراستیدا کەفیلی جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانن کەپیاوان بەخاوەنی ژنان دەزانن، بەڵام لەم هەلو مەرجەدا خاوەندارێتی لەلایەن پیاوێکەوە کەمێردی ژنەکە بێ ڕوو لەزیادبوونە. خەڵك (باوكو دایكان کەخۆیان پابەند دەکەن بەبایەخە خێڵەکییەکانەوە) لەگوندە هەژارنشینەکانو ناوچەکانی تردا لەگەڵ جموجوڵی جیهانی سەرمایەدا هیچ ڕێگەیەك بۆ خۆیان نادۆزنەوە[٣] مەگەر ئەوەی کەتەنها کچەکانیان بفرۆشن، چونکە ئیمپریالیزمەکان ئەوکچانەیان کردۆتە کاڵای خۆیان. پیاوان لەبەشە دەوڵەمەند نشینەکانی وڵاتەکەیاندا یا لەهەموو سوچێکی جیهاندا دەیانکڕن، بەڵام چ کڕیارو چ فرۆشیار لەو تاوانانەدا هاوبەشن.

بەجیهانیکردنی لەشفرۆشی تێکەڵاویکە لەگەڵ نایەکسانی نەتەوەییو نایەکسانی ڕەگەزی لەدیاردەیەکی نەشیاودا.

ئایا ئەمە چ جیهانێکە کەهەرچەند زیاتر سامان دابین بکرێتو هەرچەند زیاتر ببێتە جیهانگیری لەباتی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤەکان گیروگرفتی زیاتر بۆ ملیۆنەها کەس دروستدەبێت؟

ئەمڕۆکە پەرەپێدانی بەربڵاوی قاچاغی ژنان لەئەنجامی دوو بواری هاوتەریبەوەیە: ١. نوێخواز، ٢. زۆرکۆن.

شتێك کە تائێستا لەئەنجامی پێشکەوتنێکی سەرمایەوە ئەنجام نەدراوەو کاریگەری قووڵی لەسەر وڵاتە دواکەوتووەکانو

سیستمەکانی پێش سەرمایە دروستکردووە، هەموو شتێکی لەجیهاندا بۆ هەندێ ئامێرو کەرەسەی کڕینو فرۆشتن کەمکردۆتەوە.
سیستمی دابینکردن درێژە بەژیانی خۆی دەداو لەلایەن هەموو ڕێساو دابو نەریتەکانەوە پاساو دراوە. هیچ ڕێگەیەك بۆ تێکدانی سیستمی نایەکسانیو هەموو ڕێکارەکانی زاڵبوون بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا کاریگەر نەبووە. (هوما غەفووری)